هەرسێ سەرۆکایەتییەکە باس لە هەڵبژاردن و مەلەفی خور عەبدوڵلا دەکەن

هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق لەسەر سێ خاڵ رێکەوتن و یەکێك لە خاڵەکانیش ئەوەیە کە سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەت و پەرلەمان، ئەو سکاڵایانە دەکشێننەوە کە پێشکەشی دادگای فیدڕاڵیان کردووە.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران کە دەستی موتەڵڵیع کەوتووە تیایدا هاتووە، ئەمڕۆ سێشەممە لە کۆشکی بەغدا هەریەك لە د. عەبدولەتیف رەشید سەرۆك کۆمار، محەمەد شیاع سودانی و مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان کۆبونەوە، لە کۆبونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی ناوچەکە و پێویستی پاراستنی ئەو ڕێگایە کرا کە حکومەت بۆ پاراستنی عێراق لە مەترسییەکان و پاراستنی ئاسایشی وڵات دیاریکردووە.

هەرسێ سەرۆکایەتیەکە باسیان لە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و پاڵپشتیان لە هەنگاوەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە لە وادەی دیاریکراوی 11ی (تشرینی دوەم/11)ی 2025.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، هەرسێ سەرۆکایەتیەکە باسیان لە ڕێککەوتننامەی ڕێکخستنی

کەشتیوانی لە خۆرعەبدوڵا کرد، کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەپێی یاسای (42)ی ساڵی 2013 پەسەندکرا، دادگای باڵای فیدڕاڵیش بڕیاریدا کە نیسابی فەرمی بۆ یاسادانانەکەی نادەستورییە، بەپێی بڕیارەکەی لە کەیسی ژمارە (105/ یەکگرتوی 194/ فیدراڵی/ 2023).

بەپێی راگەیەندراوەکە لەکۆبونەوەکەدا رێکەوتن لەسەر ئەم سێ خاڵە کراوە:

یەکەم:

پێویستی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست، بەگوێرەی بڕیاری دادگای فیدراڵی کە داوای دوبارە دەرکردنەوەی یاسایی پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکەی خورعەبدوڵا دەکات بە شێوەیەکی دروست.

دوەم:

سەرۆکایەتی کۆمار و نوسینگەی سەرۆك وەزیران داواکارییەکانی خۆیان بۆ دادگای فیدراڵی بکشێننەوە، بەو پێیەی دوای تەواوبونی پرۆسەی یاسادانان پێویستیی هەڵوەشاندنەوە بونی نەماوە.

سێیەم:

دوپاتکردنەوەی پابەندبونی عێراق بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و میساقەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان.